# نەتەوە خوازی رەگەزپەرستی نیە!..



**د.عەبدوللا ئاگرین**

زانکۆی سەلاحەدیین

لەوەتەی بیردەکەمەوە و قەناعەتم بە نەتەوایەتی «قومیە» هەیە، و بیروباوەری نەتەوەییم پەیرەو کردووە، چەندەم بە فیکر و کردەوە بۆ کرابێت، لەو روانگەیەوە هەنگاوم ناوە کە نەتەوەیی لەگەوهەری مرۆڤایەتی هەڵقولاوە و بەپێچەوانەشەوە، قاوغێکی بێ تۆوو بێ ناوکە.. هەر لەو سۆنگەیەوە، دەکرێت زۆر بەجیدی و روون و ئاشکرا دەست لەسەر ئەو راستیە دابگیرێت کەس و دەستە و کۆمەڵ و هەر حزبێك، بروایان بە رەگەزپەرستی و بەجۆری پاك ورەنگی جیاواز هەبێت، ئەوا بیر تەسك و توندرەو و خۆپەرست دژی بیروباوەری نەتەوەیی بێ.. چونکە ئەوەی نەتەوەیی بێت چی بۆخۆی و نەتەوەکەی پێ خۆش بێت هەمان مەبەستیشی بۆ نەتەوە و خاکی میللەتانی تر هەیە، جێی سەرنج و ئاماژە پێ کردنە لەم چەرخی عەولەمە و شورشی گەیاندن و تەکنەلۆژیای نوێ و سستەمی جیهانی دیموکرات و عەقڵی کراوەی سەردەمدا، هێشتا مرۆڤ هەبێت بەمەبەستی سیاسی یاخود بەهۆی کاڵفامیەوە زاراوەی نەتەوە خوازی و رەگەزپەرستی چون یەك لە تەرازوی کاریگەری ئاکام و ئەنجام بکێشێت!.. بەوەش جوانی و کاریگەری پۆزەتیڤانە و شارستانیانە ی بیروباوەری نەتەوە کاڵ دەکاتەوە، لە دنیای فەرهەنگی سیاسی دا، هەڵشێلانی زاراوەکان چاو و راو دروست دەکات و پێناسە و هەوێنی زاراوەکان دەشێوێنێ و خۆیان و بەرامبەرەکەشیان دوچاری هەڵە و تەمومژ و ئاڵۆزی دەکەن، فەرموو ئەو دەستەواژەیە شرۆڤە بکە « خاڵی جیاوازی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دواوسێی (مەبەست عەرەب تورك و فارسە) نەتەوە و زمانە...،ئەمە لەکاتێکدا زمان یەکێکە لە خەسڵەت و هەلومەرجی سەلماندنی بوونی نەتەوە (الامە) کە بریتین لە (زمان، مێژوو، خاك، داب و نەریت، هەست و نەستی) هاوبەش، خۆ گەر لە سەدەی بیست ویەکدا، کوردی ستەم دیدە و بەش مەینەت داوابکات، ئەو ئازادییەی هەبێت بڵێت «مافی خۆمە حکومەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنم منیش وەك نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورك ئاڵا و نوێنەری خۆمم لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەبێت، ئەوا راستەوخۆ تۆمەتی نەتەوە پەرستی دەخرێتە پاڵ!..، فەرموو لەو تەناقوزە وورد بەرەوە (هەڵبەتە کورد بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی پەنای بردۆتە بەر نەتەوە پەرستی)، ئەگەرچی ئەو مافانە دیاریش نەکراون چین؟، لامەرکەزی، حوکمی خود موختاری، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، سەربەخۆیی تەواو.. کەچی خاوەنی هەمان ئەو رەئیە نەتەوەپەرستی بەچەکی چەوسانەوەی کوردی دادەنێت ( بەلام ئەوان–واتا داگیرکەرانی کورد– بۆ چەوساندنەوەی کورد پەنایان بردۆتە بەر نەتەوە پەرستی خۆیان).. چاوو راو شێواندنەکە لێرەدا دەستپێدەکات، بەوەی نەتەوەپەرستی کە بە واتای رەگەزپەرستی بەکاری هێناوە جارێك بۆ رزگاری نەتەوەیە و جارێکی تر بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەیە، کە ئەمە لەزانست و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا یەکناگرنەوە و هەر زاراوەیەك واتا و کاریگەری و ئاکام و ئەنجامێکی سەربەخۆی خۆی هەیە، ئەمە وەك ئەو هەڵە وایە، هەندێك خوێندەوار دەیڵێن... نەتەوەیی پێشکەوتووخواز و نەتەوەیی کۆنەپەرست، لەبەر رۆشنایی ئەو بۆ چوونانەی پێشوو، بەم راستی و حەقیقەتە دەگەین، بیروباوەری نەتەوەیی ، بیروباوەرێکی مرۆڤانەی پێشکەوتوو خوازە و بەگیانی خۆشەویستی و برایانە و بەلەیەك گەیشتن و قبوڵکردنی بروای بەرانبەر و رێزگرتن لە بیر و را و هەڵوێستی مقابل و بروای بە ئازادی تاك و مافی سەربەخۆیی هەموو نەتەوەکان هەیە و هەر بۆچونێك پێچەوانەی ئەو خەسڵەتە پیرۆزە و پرۆسە مەعریفیە بێت، ئەوا ناوی هەرچی دەنێیت بینێ ئەوە نەتەوەیی و نەتەوایەتی نیە.